کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر باڵەخانە کۆنەکەی لە عەنکاوە چڕکرد

دوای زیاتر لە 14 ساڵ، کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر باڵەخانە کۆنەکەی لە عەنکاوە چڕکرد.

کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر، ئەمڕۆ پێنجشەممە، تەواوبونی پرۆسەی چڕکردنی باڵەخانە کۆنەکەی راگەیاندو وتی، کۆتایی زیاتر لە چواردە ساڵ لە هاوبەشییە لۆگۆ شارچکەی عەنکاوە.

کونسوڵخانەکە وتوشیەتی، لە کاتکدا بەڕێوەبردنی گۆڕەپانکە رادەستی شارەوانی و خاوەن ماڵەکان دەکرێتەوە لە 1ی شوباتی 2026 ەوە، سوپاسگوزاری خێیشی دەربڕیوە بە قائیمقامی هەولێرو ستافەکەی و وتوشیەتی، هاوکاریی ئەوان یارمەتیدەر بو بە گۆڕاندنەوەی گۆڕەپانکە بە دەخی پەشوی و ڕۆگەخشکردن بە خەزانەکان تا بگۆڕێنەوە و لە گەشدابن.

ئەوەشی خستەڕو، ئەم هاوستکردنەویە بە گوێرەی ئەو ڕیککەوتنە دولایەنەیە ئەنجامدرا کە لە مانگی مایسی 2025 واژەکرا و درێژەی هەماهەنگی بەردەوامی نێوان کونسوڵخانە و شارەوانییە.

هەمای بە ئەوەش کردوە، لە سەر داوای شارچکەی عەنکاوە و بەپێی ڕێککەوتنەکە، کونسوڵخانە ژەرخانی کارەبا و هەندە شتی تریش وەک پەرژینی ئەمنی و دیواری کۆنکرێتی بە بەکارهێنانی شارەوانی بەجێدەهێڵێت. لە 1ی مانگی شوباتەوە کۆنتێنەری دەروازەی بەرامبەر بەنزینخانەی بابل هادەستی شارچکەکە دەکرێتەوە و کردنەوەی ڕێگاکانی تریش بەو جۆرە ئەنجام دەدرێن کە لەلایەن شارەوانییەوە دیاریکراون.

هەمای بە ئەوەش کردوە، لە 1ی مانگی شوبات و ڕۆژانی دواتر، خاوەنی موڵکەکان دەستاگەیشتنی تەواوەتیان بە موڵک و خانووەکانیان دەبێت. بەرپرسیارێتی ئاسایشی گەڕەکەکەش هادەستی پۆلیس و ئاسایش دەکرێتەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕووشوێنانەی دەبنە مایەی ئەوەی کە خاوەن موڵکەکان دەستیان بە موڵکەکانیان ڕابگات.

ئەوەشی وتوە "کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا پێزانینی هەیە بە چەندین ساڵ لە بەیەکەوە کارکردن لەگەڵ عەنکاوە و هیوادارە ئەو پەیوەندیە بپارێزین و پەرەی پێبدەین لە داهاتودا."